رونکردنەوەیەک لە هاتوچۆی سلێمانی لەبارەی زیندانیکردنی ئاسۆ محەمەدەوە

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی ڕایگەیاند، بەڕێوەبەری هاتوچۆی سلێمانی بە وەکالەت بەهۆی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر بەبێ ڕەزامەندی لەلایەن دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە ماوەی یەک مانگ بە زیندانیکردن سزادراوە.

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی لە ڕاگەیەنراوێکدا بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ سێشەممە، بە پێی بڕیاری دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، ئاسۆ محەمەد بەڕێوەبەری هاتوچۆی سلێمانی بە وەکالەت بە ماوەی یەک مانگ زیندانی سزادرا.

لە ڕاگەیەنراوی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی ئاماژە بەوەشکراوە، هۆکاری سزادانی ئاسۆ محەمەد خوێندن و بەدەست هێنانی بڕوانامەی ماستەر لەناو هەرێمی کوردستان بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی ومۆڵەتی خوێندنە.

ئەوەشخراوەتەڕوو، ئەمە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی پەیوەست بەخوێندنە، و ئەم سزای حوکمە پەیوەندی بە پۆست و کارکردنی لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانییەوە نییە.